# داستانی باخی هەورێشم

لەودیوی هەودای هەوریشمەکانەوە

ڕەنگ دەداتەوە

لیڵ، هێڵ هێڵی

بیچمی رووخساری لەڕی ڕەنگ بزرکاو

ئەودەستە بچکۆلانەی کەبێ راوەستان دەکرێنەوە

هەودای تاڵەکان

زەرد، سەوز، سوروو پەمەیی

خۆڵە مێشی وسپی وگوڵبەی

ماش وبرینجی و ڕەش

قاوەیی، وشەرابی

شەپۆل دەدا

لە نیو(کارگاە)

خەمی سترانی کچان

هەوێنی ژیان بە رۆڵی مردوتان دەدات

هەستی ئەویندارانەی کچان

لەولاکەوە

لە پشتی دار، کونجی شوێنی کار

کچێك رۆنیشتوە

بیچمی پێدەدا

ڕەنگی خەریتەکان دەبێتەشێعر

لەسەرلێوان:

"دووانی سوورو دوو هەودای سپی

هێور دەنوێنێ ئاوا بوونی نوێ

سیانی شین وەی ئاڵتونی

چەندە گوڵ لەم باخەدا روواوە

ئەم گوڵانەی سەر جەستەی فەرش

من ونەسرین و زاراو فەریدە

سەیری دونیا کە

تەنیا درزو تەزو دەستمانی داگرتوە

هەودای دەمی مقەستەکەی

تاڵ، تاڵ، بژار دەکرێ

"رەگێکی تر تەواو بووە"

دەی ژمێرێ

جارێکی تر نیگار دەباتە سەردار

رەگ دەکوتێ،

پەلە دەکات

پەنجە گەرمەکانی کار

دەستی بێ جووڵەو بێقەرار

دەستە ئەویندارەکانی گوڵ وبەهار

لەناکاو بەنووکی تیژی چەقۆیەك

زامار ئەبێ

کچان بە خوێنی گەشی دەستیان

هەر گولێك کە پێشتر چاندیان

ئاوی دەدەن.

باخی هەوریشم

دەپشکوێ

سوورو سوورتر

ئەو نەرم و نیانە ئاڵۆز کاوە

یادگاری دەستی بە سۆزی کچێکە

کریشمەو خەمزەو نازی باخەکانی هەوریشم

بەهۆی خوماری هەڵخرێنەی چاوەکانی ئەوە

ئەم نازو شێوە و کریشمانەش

ئاخ!

سەبر بگرە،

پەل و پۆ مەکوتە،

لە شوێن چاوەکانی ئەوە.

پێژمان تۆرفە نژاد

***